ھەفتەنامەی وەرزش
یەکشەممە 2009/6/28
ژمارە 237

١٢

پاڵەوانییەتی پارێزگاکان دەستپێدەکات

لە دواکۆبوونەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاردرا لە ناوەڕاستی مانگی دادێ، پاڵەوانییەتی هەڵبژاردەی پارێزگاکان دەستپێبکات بۆ هەڵبژاردەی فۆتسالی کچان و هەڵبژاردەی لاوان بۆ لەدایکبووانی ساڵی 1991-1992 و هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووان بۆ لەدایکبووانی 1993 بۆ سەرەوە. ئەمانەش چالاکیی بە سوودن و تا ئەندازەیەکی زۆر گوڕوتین دەدەنە بزاڤی وەرزشی لە کوردستان و هێندەی دیکە بەرەو پێشەوەی دەبات.

نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوو بۆ سدیقی گچکە ئەنجامدرا



دوای ئەوەی مامۆستا و ڕۆژنامەنووسی وەرزشیی بەناوبانگ سدیقی گچکە لە شاری ڕەزاییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوویی بۆ ئەنجامدرا و ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو گەڕایەوە لە لێدوانێکیدا مامۆستا سدیقی گچکە سوپاس و ستایشی هەموو ئەو بەڕێزانەی کرد کە هاوکاری و هەماهەنگییان کرد بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها مامۆستای ناوبراو نیگەرانیی خۆی بەرامبەر وەزارەتی وەرزش و لاوان و لێژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان پێشاندا کە وەک پێویست ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە.

لە سەرەتای مانگی دادێ لە هەولێر

خولێکی ڕاهێنەری نێودەوڵەتی دەکرێتەوە

یەکێتی تۆپی پێی ئێراق بە هاوکاری لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی جیهان FIFA لە سەرەتای مانگی دادێ خولێکی ڕاهێنەری نێودەوڵەتی لە هەولێری پایتەخت دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ بۆ بەشداریکردن لەو خولەدا هەندێک مەرج دانراوە لەوانە ئەوەی بەشداری بکات نابێ تەمەنی لە 40 ساڵی زیاتر بێت و هەروەها لە بواری تۆپی پێ کاربکات، بۆیە هەر یانەیەکی پلە نایاب بۆی هەیە بەیەک ڕاهێنەر بەشداریی تێدا بکات، واتا لە شاری هەولێر تەنها 4 ڕاهێنەر بۆی هەیە بەشداری بکات، ئەوەی بەشداریش بکات هاتوچۆ لەسەر خۆیەتی.

لە وڵاتی نەمسا.. کاوە ئیبراهیم بڕوانامەیەکی تازەی ڕاهێنەری وەردەگرێت

دوای ئەوەی کاوە ئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵچییەکانی یانەی وەحەداتی ئوردنی بەمەبەستی بەشداریکردن لە خولێکی ڕاهێنەری لە وڵاتی نەمسا بەشداریی کرد و دوای مانگێک بەردەوامی لە خولەکە توانی بڕوانامەیەکی تازەی ڕاهێنەری وەربگرێت، هەردوای گەڕانەوەی لە خولەکەدا کاوە ئیبراهیم لە لێدوانێکی تایبەت بە خەباتی وەرزش ڕایگەیاند: من لە 5/24/ 2009 لە ئەکادیمییەی فورالیربیرک وەک تەنها ڕاهێنەرێکی کورد ماوەی معایەشەم بۆ ماوەی مانگێک بەسەربردو توانیم سوودێکی باشی لێببینم، بەتایبەتی کاتێ سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەو وڵاتە ئەندریاس کوبف و هەریەک لە ڕاهێنەرانی دیکەی وەک تیلی باولوسکی و جابی و کولمان و گیرالد و هیلموت بەشداریان تێدا کردبوو، هەروەها ئەو ماوەیەش لەگەڵ یانەکانی ئڤ جی هارت و ئاوس تریالوس تەناو ئەلتاخ بلە لە خول و مەشقەکاندا بووم، بەڕاستی ئەو یانانە ئەگەرچی هەندێکی زۆریان لە پلە دوون، بەڵام ئاستیان بەرزە و یاریزانەکانیان زۆر خێراو یەک لەمسە یاری دەکەن.

پاڵەوانییەتی لەشجوانیی هەولێر و دەوروبەری

دانا جومعە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی لەشجوانی لە لێدوانێکی تایبەت بە خەباتی وەرزشی ڕاگەیاند: بڕیارە ڕۆژی 7/17 لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە هەولێری پایتەخت، پاڵەوانییەتی لەشجوانیی هەولێر و دەوروبەری ئەنجام بدرێت. سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی لەشجوانی ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو پاڵەوانییە بۆ پێشکەوتووان دەکرێت و نزیکەی 10 تا 12 یانە بەشداریی تێدا دەکەن، لە کۆتاییشدا یاریزانان بۆ هەڵبژاردەی هەولێر دەستنیشان دەکرێت.

لە تەممووزی دادێ

پایسکلسوارانی هەولێر بەشداری لە خولی عەرەب دەکەن

وا بڕیارە لە ڕۆژانی 12 تا 18ی تەممووزی دادێ، تیپی پایسکلسواری لە وڵاتی لیبیا بەشداری لە پالەوانیەتی عەرەبی بکات، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئێستا لە کەمپێکدا خەریکی مەشق و ڕاهێنانن تا ئەنجامێکی بەرچاو بەدەست بێنن، ئیدی هەر دوای تەواوبوونی کەمپەکەیان بە دوو ڕۆژ سەفەر دەکەن بۆئەوەی بەشداری لە پاڵەوانییەکەدا بکەن. پایسکلسوارانی یانەی هەولێر بۆیە بەشداری لەو پاڵەوانییەدا دەکەن، چونکە پارسال لەسەر ئاستی یانەکانی ئێراق پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا. ئەوانەی بەشداری لەو سەفەرەدا دەکەن پێکهاتوون لە:

- مەحمود عەزیز سەرپەرشتیاری تیپ
- عەبدولقادر نورەدین ڕاهێنەر
- موسا موحسین یاریدەدەری ڕاهێنەر
- سامان محەمەد کاپتنی تیپ
- یاریزانانیش پێکهاتوون لە ئامانج شێرزاد، چۆڤان تومی، خەسرۆ عەبدولحەمید، سلێمان سامی، ئاری ئەدهەم، یاسر سەیفەدین، ئەحمەد مەهنەد، ڕێباز خدر، ماسیمۆ فەریق.

ئێمەش هیوای سەرکەوتن بۆ پایسکلسوارانی یانەی وەرزشی هەولێر دەخوازین کە بەناوی ئێراق بەشداری لەو پاڵەوانییەدا دەکەن و ناوی کورد و شاری هەولێر بەرزدەکەنەنە وە.

پێشمەرگەی سلێمانی و دهۆک دەبەنەوە

لە میانی بەڕێوەچوونی یارییەکانی خولی تۆپی دەستی نایابی کوردستان یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە ئەنجامی 30 گۆڵ بەرامبەر 28 گۆڵ لە یانەی سیروانی نوێی بردەوە، لە لایەکی دیکەوە لە یارییەکی دواخراودا، یانەی دهۆک بە ئەنجامی 35 گۆڵ بەرامبەر 26 گۆڵ لە یانەی پێرسی بردەوە.

لەسەرەتای ئاب خولی پلە دوو و سێیەکان دەستپێدەکات

دوای ئەوەی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ بەکۆتاهات، بڕیارە لە سەرەتای مانگی ئاب هەردوو خولی پلە دوو و سێی یانەکانی کوردستان دەستپێبکات. ئەم خولە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سەرپەرشتی دەکات، هەر بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە ڕۆژی 7/18 کۆبوونەوەی هونەری بە ئامادەبوونی نوێنەری یانە بەشداربووەکان ببەسترێت بۆئەوەی چەندین ڕێنمایی و ئامۆژگاری سەبارەت بە خولەکە بخرێتە ڕوو و گفتوگۆی چڕوپڕی لەسەر بکرێت.

ڕۆڵی ئافرەتان لە هەڵبژاردنی یانەکاندا

هەروەک ئاشکرایە ماوەی 6 ساڵە هەڵبژاردنی یانەکانی کوردستان نەکراوە، بۆیە ئێستا وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو پڕۆسەیە بەسەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەیەنێت، هەر بۆ ئەو مەبەستە بەرنامەیەکی تێروتەسەڵی داڕشتووە و گەلێک ڕێوشوێنی گونجاوی گرتۆتەبەر، بەڵام لە هەموویان بەرچاوتر و کاریگەرتر بەرزڕاگرتنی ڕۆڵی ئافرەتانە، بۆیە جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە نابێ ڕۆڵی ئەمان فەرامۆش بکرێت، بۆیە دەبێ هەر یانەیەکی وەرزشی ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی ئافرەت بێت بۆئەوەی سەرپەرشتی وەرزشی ئافرەتان بکات و ڕۆڵی ئافرەتانیش لەسەرجەم یانەکان ڕۆڵێکی دیار و کارابێت.